# ئایا شێوە لە ناوەڕۆک گرنگترە؟

## بەشی دووەم



حەمەسەعید حەسەن

### فیکرو قارەمانی ئیجابی

سەلاح شوان دەڵێت: (فیکر لە ئەدەبدا، رێک وەکوو ئەوە وایە بوترێت، کۆمەڵایەتی لە ئەدەبدا، دەروونناسی لە ئەدەبدا، یان فۆلکلۆر لە ئەدەبدا.)

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە ناوەڕۆک و شێوە پێک دێت، ناوەڕۆکیش بریتییە لە فیکر. ئەدەب فیکرە لە شێوەیەکی هونەریدا. هیچ ناوەڕۆکێک بێ شێوە نییە، شێوە رۆڵی رێکخستنی ناوەڕۆک دەبینێت، ئەگەر لە جێیەکدا هەموو کەرەسەکانی خانوویەکمان هەبێت، ئەو کەرەسانە پێیان ناگوترێت، خانوو، تا نەکرێنە خانوو، تا شێوەی خانوو وەرنەگرن. (١٨)

ئەوی دایلێکتیکییانە سەرنجی پێوەندی نێوان ناوەڕۆک و شێوە نەدات، ناوەڕۆک بە شتێکی بێبەهادەزانێت و وای بۆ دەچێت، هەر کەسێک پۆشاکی پیاوێکی ئایینی بپۆشێت، ئیدی ئەوە کەسێکی ئایینپەروەرەو لەم تێڕوانینە رووکەشانەیەوە، شێوە لە نێوەڕۆک گرنگترە، چونکە (شێوە) ناوەڕۆکی دەستنیشانکرد. سەلاح شوانی هەوڵی داوە لە بەهای فیکر لە ئەدەبدا کەم بکاتەوە، وەلێ مەسەلەکە پێچەوانە کەوتووەتەوە، چونکە تێڕوانینی هەر ئەدیبێک بۆ باری کۆمەڵایەتی، فیکری ئەدیبەکە دەستنیشان دەکات، ئەگەر ئەو نووسەرە وێنەی کۆمەڵ لە بارودۆخێکی نەگۆڕدا بکێشێت، ئەوا نووسەرێکی کۆنەخوازە، خۆ ئەگەر کۆمەڵ لە گۆڕاندا ببینێت و ئەدەبەکەی گۆڕێک بە رەوتی مێژوو بدات، ئەوا پێشکەوتنخوازە.

نیشاندانی ناخ و دەروونی قارەمانی چیرۆکیش، هەر زادەی فیکری نووسەرە، نووسەری کۆنەخواز دەروونی کارەکتەر وەک تاکێکی لە کۆمەڵ دابڕاو نیشان دەدات، وەلێ نووسەری پێشکەوتنخواز، ناخی هەر تاکێک بە پێوەندیی لەگەڵ جێی چینایەتییەکەیدا دەبینێت و تاک لە کۆمەڵ دانابڕێت. ئایینیش نەک هەر فیکرە، بەڵکوو سەرەکیترین پێکهێنەری ئایدۆلۆژیای چینی فیوداڵە، تەنانەت مامەڵەکردن لەگەڵ فۆلکلۆریشدا هەر رەنگدانەوەی فیکرە، نووسەری کۆنەخواز، لە بازنەی فۆلکلۆردا گیردەخوات و توخنی کێشەکانی سەردەم ناکەوێت، وەلێ نووسەری پێشکەوتنخواز، هاوچەرخانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەلەپووردا دەکات و لایەنە گەشەکانی فۆلکلۆر لە خزمەتی داهاتودا دەخاتەگەڕ. کەواتە تێڕوانینی نووسەر بۆ باری کۆمەڵایەتی، دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ، ئایین و فۆلکلۆر، فیکری نووسەر دیاری دەکەن.

سەلاح دەڵێت: (ئەفلاتوون شاعیرانی لە کۆمارەکەی دوور خستەوە، لەبەر ئەوەی بیر و هۆشی خەڵکی وا لێ دەکەن، بە یاساو رژێمی کۆمارەکەی رازی نەبن).

ئەگەر فیکر گرنگ نییە، ئەوە چییە وای لە ئەفلاتوون کردووە، دژایەتی شاعیران بکات؟ بێجگە لە فیکر، شاعیرچی دیکە شک دەبات، بیر و هۆشی خەڵکی پێ بگۆڕێت؟ تۆ بڵێیت کێش و سەروا، یان مۆنتاژ و فلاشباک، بیروهۆش بگۆڕن؟ تۆ بڵێیت لۆرکا لەسەر موزیکی ناوەوەی شیعرەکانی کوژرا بێت؟ تۆ بڵێیت نازم حیکمەت لەبەر تێکشکاندنی کێش و سەروا پازدە ساڵ لە زیندان توند کرابێت؟ تۆ بڵێیت دەستۆیفسکی لەبەر بەکارهێنانی مەنەلۆژ رەوانەی سیبیریا کرابێت؟ پێم وا نییە ئەدیبێک لەبەر لایەنی هونەریی بەرهەمەکانی، دووچاری کێشە بوو بێت.

سەلاح شوان دەڵێت: (فیکر بەلای چیخۆفەوە شتێکی بێ بایەخ بووە).

سەرچاوەی ئەو گوتەیەی چیخۆف، بیرەوەرییەکانی کچە هاوڕێی چیخۆف، (لیدیا ئەفیبلۆڤا)یە، ئەو کچەی ئەو گوتەیەی وەپاڵ چیخۆف داوە، خۆی دەبێژێت: چیخۆف ئەو قسەیەی لەسەر مێزی خواردنەوە کردووە، بۆیە هێندە جێگای متمانە نییە. چیخۆف نووسەرێکی ریالیست بووە، کێشەی چینایەتی بە بەرهەمەکانییەوە دیارە، لە هەردوو چیرۆکی (جوتیارەکان)و(لە دۆڵەکە)دا رووناکی دەخاتە سەر رۆڵی شۆڕشگێرانەی هێزە رادیکاڵەکانی کۆمەڵگەی رووسیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، (١٩) لە چیرۆکی (مەرگی فەرمانبەرێک)دا دیوی ناوەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەروەختی رژێمی تزار نیشان دەدات و ئەوە لە گوماندا ناهێڵێتەوە، کە چەوساندنەوەی چینایەتی، هەوێنی هەموو چەوساندنەوەیەکە. لە چیرۆکی (پەستی)دا، لە رێی نیشاندانی ئازاری عارەبانچییەکەوە، لایەنگیریی خۆی بۆ زۆرلێکراوان دەردەبڕێت، لە شانۆنامەی (باخی گێلاس)دا پێمان دەڵێت: (رژێمی فیودالی وەختی بەسەر چووەو سیستەمی سەرمایەداریش دایکی هەموو چەوساندنەوەکانە، بۆیە مرۆڤ دەبێت دوورتر بڕوانێت) «٢٠». خودی چیخۆف دەبێژێت: (من وەک ئەدیبێک پێویستە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نزیک بم، ژیان لە نێوان چوار دیواردا، بێ سروشت، بێ خەڵک و بێ نیشتمان، کەی ژیانە؟.) «٢١» کاتێک مەکسیم گۆرکی لە ئەکادیمیای رووسیا دوور دەخرێتەوە، چیخۆف کە هەمیشە تەبایی لە نێوان گوتارو رەوتاریدا هەبووە، یەکسەر کورسییەکەی خۆی لەو ئەکادیمیایە جێدەهێڵێت(٢٢). لە روانگەی (رۆبێرت برۆستاین)ەوە، چیخۆف یەکێکە لە کۆڵەکەکانی شانۆی شۆڕشگێڕ. (٢٣) (گۆرکی)یش پێی وایە: (لەگەڵ هەموو چیرۆکێکی نوێی چیخۆڤدا، ئاوازی بوژانەوەو خۆشەویستی بەرز دەبێتەوە، کە ئەمە تاقە ئاوازێکە لای ئێمە قوڵ، هێژاو گرنگ بێت.) «٢٤»

ئیدی چۆن فیکر بەلای چیخۆڤەوە بێ بایەخ بووە!

سەلاح شوان دەڵێت: (وەک چۆن هیچ ئەدیبێک فیکرێکی دانەڕشتووە، ئاوها هیچ فیکرێکیش ئەدیبێکی رەسەنی دروست نەکردووە.)

بەرهەمی هەموو نووسەرێک، فیکرێک بەرجەستە دەکات، تۆلستۆی لە رێی بەرهەمەکانییەوە فیکری پشتکردنە توندوتیژیی دارشتووەو گاندی شوێنپێی ئەوی هەڵگرتووە. (٢٥) بێرنارد شۆ دامەزرێنەری فیکری سۆشیالیزمی فابییە، ژاک لەندەن لە رۆمانی (پاژنە ئاسنینەکان)دا مەتریالیزمی دایلێکتیک، مەرتیالیزمی مێژوویی و ئابووریی و سیاسی بۆ خوێنەر شی دەکاتەوە، کامۆ لە رۆمانی (رشانەوە)دا، فەلسەفەی ناماقوڵمان بۆ باس دەکات و رۆمانی (هێڵنج)ی سارتەریش، موحازەرەیەکە سەبارەت بە فیکری وجودی.

فیکریش کاریگەرێتیی خۆی لەسەر نووسەران جێدەهێڵێت، گۆرگی، شۆلۆخۆف، شتاینباک، نازم حیکمەت، نیرۆدا و ئیتماتۆف زادەی ئایدیۆلۆژیای کرێکارانن. هەموو ئەدەبی ریالزمی سۆشیالیست، فیکری کرێکارانە لە شێوەیەکی هونەریدا و بەرهەمەکانی (کامۆ، بێکیت و یۆنسکۆ)یش بەرجەستەکردنی فەلسەفەی ناماقوڵن لە رێی ئەدەبەوە. شاعیرانی بەرەنگاریی فەلەستین، زادەی خەباتی گەلی فەلەستینن، ئەگەر گەلی فەلەستین بەرگریی لە خۆی نەکردبا، مەحمود دەروێش، سەمیح قاسم و تۆفیق زیاد شاعیری بەرەنگاربوونەوە نەدەبوون. وەک چۆن ئەدەبی بەرگری زادەی بەرەنگاربوونەوەیە، هەر واش ئەدەبی بەرگری، رۆڵێکی گرنگ لە گەشەسەندنی بەرەنگاربوونەوە و فیکری شۆڕشیشدا وازی دەکات و هەمیشە پێوەندییەکی دایلێکتیکی لە نێوان ئەدەب و فیکردا هەبووەو هەیە و هەر دەشمێنێت.

سەلاح شوان دەڵێت: (پێویستە ئەدەب دەربڕینێکی راستگۆیانەی ژیان بێت، هەردوو دیوەکەی ژیان، چاک و خراپ، بگرێتەوە، چاک بۆ پێڕەوکردن و خراپیش بۆ چارەسەرکردن و خۆ لێ لادان.)

ئەدەبی راستگۆ لە راژەی رەوتی مێژوودا دەبێت، وەلێ نیشاندانی لایەنی چاک و خراپ، وەک لە واقیعدا بوونیان هەیە، نە راستگۆییەو نە کاری ئەدیبە، بەڵکو وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافییانەیە و ریپۆرتاژ نووسینە. نووسەری راستگۆ، واقع وەک خۆی نیشان نادات، دێت بە هۆشیارییەوە ئەو جیهانە نوێیە وێنە دەکێشێت کە خەوی پێوە دەبینێت. گێڕانەوەی واقیع وەک خۆی، ئەرکی رۆژنامەوان، یان مێژوونووسە.

گیاندار بۆیە دەژی، چونکە بەردەوام شانە کۆنەکانی لەشی دەمرن و هی نوێ لە دایک دەبن، گیاندار ناژی، ئەگەر هەر شانەی نوێ لە لەشیدا دروست بن و کۆنەکان نەمرن. لە کۆمەڵگەی چینایەتیشدا، ناکۆکییەکان بەوە چارەسەر ناکرێن، کە چاک پێڕەو بکرێت و خراپیش چارەسەر، بەڵکوو تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی لایەنە خراپەکان، خاپوورکردنی کۆمەڵگەی چینایەتییە و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی ناچینایەتییە. ئەوەی خوازیارە کۆمەڵ لە رێی برەوپێدانی لایەنە گەشەکان و لەناوبردنی لایەنە تاریکەکانەوە، بەرەو پێشەوە ببات، وەک کەسێک وایە، بە هیوای ئەوە بێت، مریشکەکانی واز لە ریقنەکردن بهێنن و تەنیا هەر هێلکەی بۆ بکەن. سەلاح شوان جارێک داوای پێڕەوکردنی چاکەو خۆ لە خراپە لادان دەکات و جارێکی دیکە دەڵێت: (ئەرکی ئەدەب ئەوە نییە، مامۆستا، شێخ، یان پڕوپاگەندەچی بێت.) ئەوێک کە ئەدیب بە واعیز نازانێت، نەدەبوو چاکە و خراپە نیشانی خوێنەر بدات.

بە قسەی سەلاح شوان، لۆکاش لە لاپەڕە ١٣ی کتێبی (الروایه کملحمه بورجوازیه)دا، گوتوویەتی: (مەیلی نیشاندانی لایەنی چاک، لە ئایدۆلۆژیای بۆرژوادا، زۆرتر لە مەسەلەی پاڵەوانی ئیجابیدا دەردەکەوێت.) سەلاح شوان عەرەبی دەزانێت، بۆیە ناکرێت بە پاساوی ئەوەی لێی تێنەگەیشتووە، چاو لەو ناپاکییە بپۆشرێت کە لە لۆکاشی کردووە. لۆکاش لەو شوێنەدا دەڵێت: (نووسەرانی بۆرژوا، «سەروەختی دەسەڵاتی چینی بۆرژوا.» دەیانەوێت چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ کێشەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوا بدۆزنەوە، ئەویش لە رێی نیشاندانی قارەمانێکی ئیجابییەوە، کە سەر بە چینی بۆرژوایە، ئەمەش خزمەتکردنە بە چینی بۆرژوا، چونکە گەوهەری کێشەکە، کە لە شەڕی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوادا خۆی دەنوێنێت، بزر دەکرێت.) جێگەی سەرنجە ئەو کتێبەی لۆکاش باسی قۆناغی پێش سەرهەڵدانی ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیست دەکات. قارەمانی ئیجابی لەو ئەدەبەدا کە گۆرگی، شۆلۆخۆف و ئەستروفسکی نووسیویانە، کرێکارێکە هۆشیارو شانبەشانی لەشکری چەوساوەکان، لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتیدا تێدەکۆشێت.

ئەوی زانستییانە سەرنجی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بدات، رۆمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەرک بەوە دەکات، ئەگەر قارەمانی رۆمانێک لە قۆناغی فیودالیدا، بۆرژوا بێت، ئەوە پاڵەوانێکی ئیجابییە، چونکە سەرمایەداری لە فیودالی پێشکەوتووترە، بەڵام لە قۆناغی سەرمایەداریدا، قارەمان ئەگەر سەر بە چینی بۆرژوا بوو، هەرچی بکات، هەر قارەمانێکی سەلبییە، ئاخر قارەمانی ئیجابی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کرێکارێکی هۆشیارە.

سەلاح شوان دەبێژێت: (ئێمەش لەگەڵ گۆگۆڵدا دەڵێین، گرنگ نییە پاڵەوانەکانمان بە دڵی خەڵکی بن یان نا.)

بەوەدا سەرچاوەی ئەو قسەیەی دەستنیشان نەکردووە، شکم بۆ ئەوە دەچێت، بۆی هەڵبەستبێت. گۆگۆڵ بەردی بناغەی ریالیزمی رەخنەگرانەی لە ئەدەبی رووسیادا داناوەو هەموو گەورە ئەدیبانی رووس لە سەدەی نۆزدەیەمدا، شوێنپێی ئەویان هەڵگرتووە(٢٦). پاڵەوانی تراس بۆڵبای گۆگۆڵ، نموونەی قارەمانی ئیجابییە، پاڵەوانی ئەو رۆمانە، سەرکردایەتی خەباتی خوێناوی قەوقازییەکان دژی داگیرکارە پۆڵۆنییەکان دەکات و کە ئەندریەی کوڕی لە پێناوی ئەوینی کچە فیودالێکی پۆڵۆنیاییدا، سەنگەری داگیرکاران هەڵدەبژێرێت، بە دەستی خۆی دەیکوژێت. قارەمانی ئەو رۆمانە کە بەدیل دەگیرێت و بڕیاری سوتاندنی دەدرێت، لە دوا چرکەساتەکانی ژیانیشدا، بیر لەو ئاگرە ناکاتەوە، کە تاوێکی تر جەستەی دەکاتە خۆڵەمێش، بەڵکوو بیر و خەیاڵی هەر لای گەلەکەیەتی و خەمی ئەوەیەتی کە راپەڕین تێکشکاوەو ئیدی داگیرکاران میللەت زێتر دەچەوسێننەوە. (٢٧)

**پەراوێزەکان:**

**(١٨)اسس المادیه الدیالیکتیکیه والمادیه التاریخیه،ص١٠٠.**

**(١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢) د.حیاه شراره و د.محمد یونس، مدخل الی الادب الروسی القرن التاسع عشر، ص٢٣٨، ص٢٤٥، ص٢٣٦و ص٢٣٩.**

**٢٣ رویرت بروستاین، المسرح الثوری.**

**(٢٤)د.حیاه شراره و د.محمد یونس، مدخل الی الادب الروسی فی القرن التاسع عشر، ص٢٣٩ وەک کرۆبسکایا دەیگێڕێتەوە، (لینین) کە شانۆگەریی(باخی گێلاس)ی چیخۆڤی بینیوە، پێی سەرسام بووە. لینین، فی الثقافه والثوره الثقافیه ص٢٢٣.**

**(٢٥)د. بدیع حقی، قمم الادب العالمی، ص٢١.**

**(٢٦)و(٢٧) د.محمد یونس، غوغول، ص٤٢ و ص٤٥**

# ئایا شێوه له ناوه‌ڕۆک گرنگتره؟

## بەشی سێیەم



حەمەسەعید حەسەن

### خودو بابەت

سەلاح شوان دەڵێت(چاکترین شیعری گۆران، ئەو شیعرانەیەتی کە ئاوێنەی خودی خۆین، ئەو شیعرانەیەتی کە گوزارشت لە خواستی تاکەکەسی گۆران خۆی دەکەن و هیچی تر).

جیاوازییەک لە نێوان خەم وخواستەکانی گۆران و ئەوانی ئێمەدا نییە، ئەو کە بەناوی خۆیەوە دەدوێت قسەی دڵی ئێمەش دەکات، ئەو کە شیوەن(بۆ هیوای کوڕی)دەکات، ئێمەش لەگەڵیدا خوڕ خوڕ دەگرین. ئەو لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی(بووکێکی ناکام)ەوە باسی ململانێی خوێناوی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات، کە بەشێکی گرنگ لە شیعرەکانی کراون بە سروودو گۆرانی، ئەوە بەڵگەیەکە کە گۆران هاوزەمان تەعبیری لە خواستی خۆی و هی ئێمەش کردووە. شیعرەکانی گۆران بۆیە شاکارن، چونکە هەوڵی گۆڕینی واقیع دەدەن، بۆیە راستگۆییان تێدایە، چونکە لەگەڵ دایلێکتیکی مێژوودا ڕێدەکەن، شاعیری چاک کەسێکە لە بازنەی خودی خۆی دەرباز دەبێت و بە شیعر هەموو کێشە سەرەکییەکانی سەردەمی خۆی بەسەر دەکاتەوە. (ئینسانی گەورە) کەسێکە وەک گۆران، لە پێناوی شتە گشتییەکاندا، قوربانی بە شتە زاتییەکان دەدات.

سەلاح شوانی پێی وایە بابەت نییە(بەبێ خود)، وەلێ راستییەکەی خود نییە بەبێ بابەت و ئەوە جێپێی چینایەتییە کە خود بەرهەم دەهێنێت. خولیا، ئارەزوو، باری دەروون و تێڕوانینمان بۆ سەرجەم مەسەلەکان، لە جێی پێی چینایەتیمانەوە سەرچاوە دەگرن(٢٨)، بابەت نییە بەبێ خود، پاتەکردنەوەی تێزە دێرینیەکەی ئایدیالیستەکانە کە دەیانگوت ماددە (بەرهەمی هۆشە). سەلاح شوانی پێیوایە، (نیرۆدا) شاعیری خودی خۆی بووە، وەلێ نیرۆدا لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت ١٩٧٠ کە لە پاڵێوراوی حزبی کۆمۆنیست بووم بۆ سەرۆک کۆماری شیللی شار نەما بۆی نەچم، کە گەیشتمە هەرجێیەک سەدان، بگرە هەزاران ژن و پیاو لە ئامێزیان دەگرتم، ماچیان دەکردم و دەگریان. کرێکاران و جوتیاران بێ ئەوەی گوێ بەسەرماو باران بدەن، دەهاتن و گوێیان لێدەگرتم(٢٩). گیان مار سیناک دەڵێت:(نیرۆدا، بۆیە قسە دەکات شتێک بڵێت، ئەوەی دەیڵێت وای دەڵێت، وەک تێیدەگات، بەڵام بۆ ئەوەی ئێمەش تێی بگەین، وای لێدەکات لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەی هەبێت)(٣٠).

**ئەگەر بشێت هەزار جار بمرم**
**پێم خۆشە لە وڵاتەکەمدا بمرم،**
**ئەگەر بشێت هەزار جار لە دایک ببم**
**پێم خۆشە لە وڵاتەکەمدا لە دایک ببم(٣١)**
**من بۆ گەل دەنووسم**
**هەرچەند ئەمڕۆ ناتوانێت شیعرەکانم بخوێنێتەوە،**
**بەڵام ڕۆژێ دادێ چەوساوەکان بڵێن.**
**نیرۆدا هاوڕێی ئێمە بوو،**
**ئەوە ئەو تاقە تاجەیە کەخەوی پێوە دەبینم(٣٢)**

نیرۆدا زمانحاڵی چەوساوەکانی جیهان بووە،نەک شاعیری خودی خۆی ئەگەر چی بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی کازانزاکی، باسی ململانێی چینایەتیە لە یۆناندا. گەرچی مێژووی یۆنانی بە باڵاترین شێوەی هونەری، بۆ گێڕاوینەتەوەو تەنانەت یەکێکە لە شاکارەکانی تەنیا بۆ باسکردنی براکوژی لە یۆناندا تەرخان کردووە، کەچی لە روانگەی سەلاح شوانەوە، ئەویش هەر گۆرانی بۆ خودی خۆی گوتووە، شەوقی جەلال، ئەوی (مەسیح لە چوارمێخە دەدرێتەوە)ی کردووە بە عەرەبی، دەڵێت:(کازانزاکی دڵی پڕ بوولە خۆشویستنی یۆنان و ژیانی بۆ یۆنان تەرخان کردبوو)(٣٣).

سەلاح شوان دەڵێت: (لۆکاش پێی وایە خەڵک هەموو کەرەسەی بار بن بە دەست هێزە کۆمەلایەتییە ئابوورییەکانەوە، هیچیان پێناکرێت). لۆکاش مەبەستی لەو خەڵکە، کەسانی نێو ئەو ڕۆمانانەن کە لەسەدەی هەژدەمدا نووسراون، مەبەستی خەڵکی نێو بەرهەمەکانی(لۆساگ و فیلینگ)ە(٣٤). ئەمە لە دەقە عەرەبییەکەیدا روونە، سەلاح شوان شێواندوویەتی، لۆکاشێک کە مارکسە لە ستاتیکدا، ناکرێت عەبەسی بووبێت.

سەلاح شوان چونکە پێی وایە، خودی نووسەر هەموو شتێکەو بابەت، هێزە کۆمەلایەتییە ئابوورییەکان، رۆڵێکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر لۆکاش ئەو قسەیەشی کردبا، ئەم دەبوو هانای بۆ نەبردبا. سەیر ئەوەیە لەناکاو سەلاح شوان دەڵێت: (منیش لەگەڵ (هەمەنگوای)دا دەڵێم، دەشێت ئادەمیزاد تێکبشکێت، بەڵام هەرگیز نابەزێت). جا ئینسان کە کەرەسەی یاری بێت، چۆن نابەزێت؟ بۆ سەلاح شوان وا لە بارتربوو،لەگەڵ کامۆدا بڵێت:(ئەگەر مێژووی فکری مرۆڤ بنووسرێتەوە، پێویستە مێژووی پەشیمانی و بێتوانایی **مرۆڤ نیشانبدات)«٣٥»**

**لەو ساکەوە بەندیخانە جێگامە**
**زەوی دەجار لە دەوری خۆرگەڕاوە،**
**بەڵام ئێستاش هەر سوورم**
**لەسەر ئەوەی یەکەمین ڕۆژی گرتنم نووسیم.(٣٦)**

من چونکە بڕوام بەتوانای بێ سنوری ئینسان هەیە، سەلاح شوان بە(ساویلکە)ی لەقەڵەم داوم. دەشێت زیرەکی لەکن ئەو، بڕوانەبوون بێت بەتوانای مرۆڤ. نازم حیکمەت دوای دە ساڵ ژیانی نێو زیندان، هێشتا باڵای ورەی هێندە بڵندە، دەڵێیت تەنیا تاقە ڕۆژێکی لە بەندیخانە بەسەر بردووە. تۆ بڵێیت ئەو گەشبینییەی نازم حیکمەتیش لەکن سەلاح شوان، هەر زادەی ساویلکەیی بێت!

کە سەبارەت بە چیرۆکەکەی نووسیومە، (سەلاح شوان پێمان دەڵێت، هەموو ڕۆژ، مانگ و ساڵەکان هەر لە یەکدی دەچن)، سەر لەمە دەسووڕێت و دەڵێت: (حەمە سەعید حەسەن ئەمەی بۆ هەڵبەستووم، من شتی وام نەگوتووە)، کەچی چەند دێرێک دواتر دەنووسێت: (کرۆکی چیرۆکەکەی من، چاوەڕوانی کردنی دڵدارێکە کە نایەت)، وەک چۆن لە شانۆنامەی، لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، کە لوتکەی ئەدەبی عەبەسە، گۆدۆ نایەت، لای سەلاح شوانیش دڵدارەکە نایەت، ئەمەش جەخت کردنە لەسەر ئەوەی، ژیان بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، هیچ گۆڕانێک روونادات و لەم روانگەیەوە، رۆژ، مانگ و ساڵەکان لەیەکدی دەچن و ئەوەی سەلاح شوانیش نووسیویەتی دەکەوێتە خانەی ئەدەبی عەبەسیەوە.

سەلاح شوان دەڵێت:(وشەی فیکر بۆ ئەو چیرۆکەی من دەستنادات)

نووسەر پێ بزانێت، یان نا، ئەوەی دەینووسێت سەر بە رێبازێکی ئەدەبی دەبێت، هەر رێبازێکی ئەدەبیش بگرێت، رەنگدانەوەی فیکری ئەو چینەیە کە نووسەر بخوازێت، یان نا، نوێنەرایەتیی دەکات تا کێشەی چینایەتی بمێنێت، ئەدەبیش رەنگدانەوەی فیکری چینەکان دەبێت، تەنانەت هونەری بێ ناوەڕۆکیش، (تەجریدی)رەنگدانەوەی فیکری ئەوانەیە کە ناخوازن خۆ لە قەرەی کێشەکانی سەردەم بدەن. تا ئێستا رێبازێکی ئەدەبی سەری هەڵنەداوە، فیکری تێدا نەبێت، ئەگەر سەلاح شوان رێبازێکی نوێی دوور لە فیکری داهێناوە، باشتر وایە، ئاشکرا بکات، ئەگەر مەبەستیشی ئەوەیە، چیرۆکەکەی سەر بە رێبازی هونەر بۆ هونەرە، ئەوا ئەو رێبازەش، رەنگدانەوەی فیکری بۆرژوایە کە هەنووکە بە هونەری پوخت ناودەبرێت و چینی خاوەن دەسەڵات لە سایەی رژێمە سەرمایەداریەکاندا پڕوپاگەندەی بۆ دەکات

### ناوەڕۆکی تازە

سەلاح شوان لە وەڵامی ئەوەدا کە گوتوومە تازەگەری بە پلەی یەکەم ناوەڕۆک دەگرێتەوە، دەنووسێت:(منیش لەگەڵ تێکڕای هونەرمەندانی دنیادا دەڵێم، تازەگەری بە پلەی یەکەم و دەیەم و سەدەمیش هەر تەکنیک دەگرێتەوە)، بەڵام لەو هەموو هونەرمەندانی دونیا، تەنیا ناوی کاکە مەم بۆتانیی هێناوە کە گوایە دە ساڵ بەر لە ئێستا، لە گفتوگۆیەکدا، وای گوتووە!

سەلاح شوان دەڵێت: (ناوەڕۆکی شیعرە دڵدارییەکانی گۆران، تەقلیدین، تەنیا جۆری دەربڕینەکانیان نوێیە). چونکە شێوە لە گەشەکردندا، لە ناوەڕۆک سسترە، بۆیە ناوەڕۆک زووتر گۆڕانی بەسەردا دێت، شیعرە ناودارەکەی مەلا حەمدون، کە باسی سەر وەختی یەکەمین جەنگی جیهانگرەوە دەکات، وەکو ناوەڕۆک ریالیزمە، وەلێ لەشێوەدا کلاسیکە، (ناڵەی بێکار)ی گۆران، وەک ناوەڕۆک ریالیزمی سۆشیالیستە، بەڵام لە شێوەدا کۆنە. گۆران کە لەژێر کاریگەرێتیی شاعیرانی دێریندا بووە، کلاسیکی نووسیوە، وەک (ئەرۆی ئۆغر)و (تاوێ نەگەڕا)، کە لەو بازنەیە دەرباز بووە، شیعری رۆمانتیکی نووسیوە، وەک (پاییز) و (بەسەرهاتی ئەستێرەیەک) کە فیکری بەرەو پێشەوە چووە، ئەدەبی ریالیزم و ریالیزمی سۆشیالیستی نووسیوە، وەک (لە بنی بیرا)و (بەستەی نەبەز). بەم پێیە داهێنانی گۆران لە شێوەدا، بە گەشەسەندنی فیکری ئەوەوە بەندەو تا گۆڕان بەسەر ناوەڕۆکی شیعریدا نەهاتبێت، شێوەی شیعری گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، رێبازە ئەدەبیەکانیش بەناوەڕۆکیاندا لە یەکدی جوێدەکرێنەوە، رۆمانسیزم رەنگدانەوەی فیکری بۆرژوای بچووکەو ریالیزمی سۆشیالیست، زادەی فیکری پرۆلیتاریایە.

شیعرە رۆمانسییەکانی گۆران، ئیدی دڵداری بن، یان باسی جوانی سروشت بکەن، هەموویان وەک ناوەڕۆک تازەن، بەڵام بەشێکیان وەک شێوە هەر ئەو شێوەیەن کە زۆر پێش ئەو، شاعیرانی ئینگلیز پێیان نووسیوە. بۆ نموونە: سەروای (ا ب ا ب) وەک لە (دەروێش عەبدوڵلا)و (دوا سەرنج) دا پێڕەو کراوە، گۆران دای نەهێناوە، لە شاعیرانی ئینگلیزەوە فێربووە. پاش بەندی (ا ب ب ا)یش وەک لە (بۆ دایکم)و (ئاوێنەی هەستیم)دا پێڕەو کراوە، دیسان لە داهێنانی شاعیرانی ئینگلیزە نەک گۆران(٣٧). بریا سەلاح شوان پێی دەگوتین کامەیە ئەو شیعرە دڵدارییەی گۆران کە وەک ناوەڕۆک تەقلیدییە، ئاخر لە روانگەی منەوە، شیعرە رۆمانسیەکانی، وەک ناوەڕۆک تازەن.

بە قسەی سەلاح شوان، لە لاپەڕە(٤)ی کتێبی (مدخل الی علم جمال)دا، هیگڵ گوتوویەتی: (کاری هونەری بریتییە لە لایەنە تەکنیکیە رووتەکەی)، بەڵام راستییەکەی لەوێدا هیگڵ باسی کاری هونەری کە ئەدەبیش دەگرێتەوە، ناکات، بەڵکو تەنیا باسی موزیک دەکات کە پێی وایە(دەشێت دەربڕی هیچ فیکرێک نەبێت)، وەلێ ئەم بۆچوونە، ئایدیالیستانەیە، چوکە موزیکیش وەک ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعەو لە فیکر خاڵی نییە. بەرهەمەکانی بیتهۆڤن، کە زادەی خەباتی گەلانی ئەوروپان لە سەدەی هەژدەیەمدا بەڵگەی هەبوونی فیکرە لە موزیکدا، بەڵام موزیک وەک ئەدەب، لە توانای دا نییە وێنەی تەواوی واقیع بکێشێت و ئەوە گوێگرە کە وێنە ناتەواوەکان، تەواو دەکات(٣٨).

سەلاح شوان دەڵێت:(تابلۆی (ئافرەتانی ئەفینیون)ی بیکاسۆ، شۆڕشێکی رەسەنە لە هونەری نیگارکێشاندا، هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە پێشانگایەکی بەردەرگەی سۆزانی خانەیەک). مەبەستی ئەوەیە، ئەو تابلۆیە هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی هیچە، بەڵام هەرشۆڕشێکە. سەلاح شوان وەک ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو زانیارییەی لە لاپەڕە ٣٥ی (واقعیە بلا ضفاف)ی (گاردۆی)یەوە وەرگرتووە، بەڵام بەدەستپاکییەوە، نا، ئاخر گاردۆی لەوێدا دەنووسێت:(ئەوە هەڵەیە، ئەگەر بڵێین، تابلۆی کیژەکانی ئەفینیون، کودەتایەکە لە بواری نیگارکێشاندا)(٣٩).

سەلاح دەڵێت: (هۆفمان لە بابەتی (هیکسلی و روایە الافکار)دا گوتوویەتی، عەیبی سەرەکی لە رۆمانی فیکردا، لەوە دایە کە پێویستە لەسەرت، دەربارەی خەڵکێک بنووسێت کە بیروباوەڕی ئەوتۆیان هەبێت، دەری ببڕن). بە قسەی سەلاح شوان، ئەوە قسەی هۆفمانەو لە لاپەڕەی ٢٥٣ی کتێبی (اشکال الروایە الحدیثە)دا، گوتوویەتی، بەڵام راستییەکەی ئەوە:

* بۆچوونی هۆفمانی رەخنەگر نییە، قسەی «هیکسلی»ی رۆماننووسە.

* دیسان لەبەر رۆشنایی رێسای «توخمی نوێشمەکەون» بە فەرامۆشکردنی«وەختێک سەرخۆش»دا، سوودی لەو گوتەیە بینیوە، چونکە هیکسلی لە هەمان پەرەگرافدا دەڵێت: (ئەوانەی لە توانایاندا نییە بە رێکوپێکی فیکریان دەربڕن، کەسانێکی راستەقینە نین، هەوێنی سەر ئێشەن، هەڵکردن لەگەڵیاندا، گەلێک سەختە)(٤٠).

سەلاح شوان دەڵێت:(رۆمانی (دایک)ی (گۆرگ)ی بە نوێکردنەوە لە قەڵەم نادرێت). ئەوەی کەمێک شارەزایی سەبارەت بە رێبازە ئەدەبییەکان هەبێت، ئەوە دەزانێت کە رێبازی ریالیزمی سۆسیالیست، بە (دایک)ی مەکسیم گۆرکی دەست پێدەکات. تۆ بڵێیت، داهێنانی رێبازێکی تازە لە چیرۆکدا، نوێکردنەوە نەبێت! گۆرگی یەکەمین رۆماننووسە توانیبێتی هەر قارەمانێکی بکاتە نوێنەری چینێک و یەکەمین رۆماننووسیشە چەوساوەکانی کردبێتە ئەدەب دۆست (٤١). هەر قارەمانە ئیجابییەکانی رۆمانی (دایک)یش بوو، کاریگیان کرد، هەزاران کرێکار رێگەی شۆڕش بگرنە بەر(٤٢)، لینینیش دەڵێت: (گۆرگی مەزنترین نوێنەری پرۆلیتاریایە)(٤٣) شیاوی گوتنە، نوێکردنەوە لە رۆمانی دایکیشدا، بە پلەی یەکەم هەر ناوەڕۆکی گرتووەتەوە، ئاخر گۆرگی تاسەر بە فیکری پرۆرلیتاریا نەبوو، چیرۆکی وای نەدەنووسی(٤٤).

سەلاح شوان پێی وایە، (یوری رایتیخۆ)ش، سەر بەهەمان رێبازی (بێکیت) و(کامۆیە). راستییەکەی کامۆو بێکیت، دوو لوتکە بڵندەکەی ئەدەبی عەبەسین، وەلێ رۆمانی کە (نەهەنگەکان کۆچ دەکەن)ی رایتیخۆ دەکەوێتە خانەی ئەدەبی ریالیزمی سیحرییەوە، ئەو رێبازەی کە یەکێک لە بەرچاوترین رۆمانی (سەد ساڵ دووره پەرێزی) گابرێل گارسیا مارکیزە(٤٥).

**پەراوێزەکان:**

**(٢٨)پوپوف، نقد علم الاجتماع المعاصر، ص٤٠.**
**(٢٩)مذکرات بابلو نیرودا ص٤٨٥**
**(٣٠-٣١)نیرودا، عاشق الارض والحریه. ت احمد سوید، ص٥٥-ص١٥٤.**
**(٣٢)نیرودا، تالق جواکان مورییتا ومصرعه.**
**(٣٣)کازانزاکی،المسیح یصلب من جدید، ص٩.**
**(٣٤)جورج لوکاش، الروایه کملحمه بورجوازیه، ص٦٠.**
**(٣٥)یوسف عبدالمسیح ثروت، دراسات فی السرح المعاصر، ص٩٠.**
**(٣٦)نازم حکمت الاعمال شعریه کامله، ت: فاضل لقمان، مجلد ٣ ص٢٧٢.**
**(٣٧)د. عبدالواحد لؤلؤه، المجاز الذهنی، ص١٤.**
**(٣٨)اسس علم جمال المارکسی اللینینی مجلد ٢ ص١٥٨.**
**(٣٩)روجیه گارودی، واقعیه بلا ضفاف، ص٣٥.**
**(٤٠)اشکال روایه الحدیثه،ت: د.نجیب المانع، ص٢٥٢.**
**(٤١)د.جلیل کمال الدین، غورکی، ص٧٧.**
**(٤٢)اسس علم جمال المارکس اللینینی مجلد ٢ ص١٥٨.**
**(٤٣)لینین فی ادب والفن مجلد٢ ص٤٣.**
**(٤٤)د.جلیل کمال الدین، غورکی، ص٧٧.**
**(٤٥)د.صلاح فضل، منهج الواقعیه فی ابداع الادبی،ص٣٢٥.**